# خۆشترین ماچ

## کامیل ژیر

چ جۆرێ ماچ خۆشترینه ؟

تەڕو پاراو و شیرینه ؟

شیلەی شەکر ، یا هەنگوینه ؟

سەری گۆنا؟ خاڵی رومەت ؟یا ناوچەوان؟

سەرگۆی مەمك ؟ لێو و زمان؟

ئەندامی رووت ؟ یا داپۆشراو ؟

بەردەسکەوێ ، یا ببینرێ بە نیگای چاو؟

زۆروزەبەن ؟ یاخود دەگمەن ؟ ..

بە هیچکامیان باوەڕمەکەن

*

بەئاسمانا مەلەیئەکرد کەژاوەکەم

لەشی ئالآیه پرچی خاوی هەورو تەم

بێ ترس و خەم

ماچی تەڕو پاراوی دەم

*

بە شارانی ماچبارانا

بەناو شەپۆلی جوانانا

هەزاران قۆناغم بڕی

بلیتی شوێنی ناوازەم گەلێ کڕی

لە کەنارا

لە ناوەندی گەورەشارا

ریزە بووکی شۆخی تەلار

لەناو بەرگی سپیی بەورا

پێیان لەسەر فەرشی گوڵزار

دەمیان لەناو دەمی هەورا

تێرمژینی لێو و زمان

چلەی زستان

ئەچەرخێنیٚ بەرۆژانی بەهارستان!

*

*

لە هاوینا

لە دیمەنێکی شیرینا

مەمکەکانی سنگی سەوزی نیاگارام

گرت و مژی

لەبەر پرژی تاڤکەکانی

وامئەزانی

ئەم دەڤەرە بەهەشتێکەو مرۆڤ تیایا

هەتا ئەژی!

کە چی مەلی سرکی خۆزگەم

هەر جووکەیبوو

بۆ خۆشترین ماچی خاکی ولاٚتەکەم .

---

تاڤگەکانی نیاگارا

Buffalo-New york-USA
2012 / 7 /19

---

فەرهەنگۆك :

ناوازە: جوان ، خۆش ، خللاب

بەور : بەفر

دەڤەر : ناوچە